کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-6-2007 21:36 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کۆنگرەیی شەش وولات وە یاخوود کۆبونەوەی توورک؟؟؟؟ و عەرەب... کاروان رووف/ کاروانی (پاسۆک)

که دوور لە ئازارو مەینەتیەکانی کورد وە یاریکردن بە ئەقڵی کۆنەجاش و تازەجاشی!!!! واتایی پیلانێکی نوێ ی داڕێژراوی دژە کورد و ئازادی و شێواندنی ژیانی موسڵمانانی کورد...



بەستنی کۆنگرە یاخود کۆبوونەوەیەکی چەند دەوڵەتێکی دژە مرۆڤ کە بەبێ ئاگاداریی خودی وولاتەکە. واتایی پیلانێکی نوێ و ژەهراویکردنی ئازادیە. کە بە پیلانی چەند بەکرێگیراوێکی ناو خۆو دراوسێ بێزار کەرەکانی کورد داڕێژراوە. ئەمە چ ڕەوایەکە جاشەکان لێبوردنیان بۆ دەرچوو بەڵام لەخوویی جاشێتی نەکەوتن. هەردەبێت وەکو (گایی ناو گەلە) واتایی مانگایەك لەنێو کۆمەڵێك بەرخدا... !!!خۆیان بنوێنن هەردەم جاشێتی وخۆ فرۆشتنیان نیشان بدەن ئەمانە خڵتەکانی سەردەمی بەعسن. تاوان بوو کە ڕێگە درا بەئەمانە بژین ئەمانە وەکو دێوەزمەیی تێکدانی ئاسوودەیین ئەمانە لەهەرشوێنێك بن پیسی دەکەن؟ کۆنگرە یاخود هەرشتێکی تر بە دووری سەدان کیلۆ مەتر لەکوردەوە دوور لە واقعی ژیانی کۆمەڵگایەکی کوردی کە بەدرێژی سەدان ساڵ لەژێر چەپۆکی داگیر کەری بەعس و دووژمنایەتی ئەو زلهێزانە ی دراوسێدابووە ئەوەیی پشت گیری لێدەکات دژ بەمرۆڤایەتی بونە وە خۆ فرۆشە. میێر وەیاخود هەر وولاتێکی تر چی دەوێت...

لەڕاستییدا ئەوان نەهیچیان پێدەکرێت و نە لەتوانیاندا هەیە کە خاوەنی بڕیاربن بەڵام دەتوانن یاریی بەئەقڵی هەندێك لایەن بکەن. بە پێدانی سەربەخۆیی. وەیاخود حکومەتی کوردی کەلە ڕاستیدا کورد باشتر ئەوانە دەناسێت.

ئەگەر ئەوان بڕیابەدەستن. ئەوە کورد چەند ڕێکخراو و پارتێکی سیاسی هەیەو وە خواستراوی جەماوەریشن وە لەتوانایاندا یە کە دەوڵەت بەڕێوەببەن. نەك گەڕان بەدووایی جاش و خۆفرۆشاندا. وە کۆکردنەوەیان لە وولاتێکی دراوسێدا دژ بە ئازادی بۆ تێکدانی ئاسوودەیی ژیانی کورد. بەڵام ڕاستیەکەیی ئەوەیە چۆن مەسەلە کوردیەکان دەستی تێوەردەن. وە ئەم ڕۆ کێ ئەڵقە لەگوێیانە وە کێ خۆفرۆشە وە کێ پابەنەدە بە لەناوبردنو و تێکدانی ئازادی کورد ئەوە باشترین و گونجاوترین کەسە بۆیان. دەساکوردینە ڕاستتە ئێمە ناڕازین لە بەڕێوە بردنی ئێستایی حکومەتی کوردستان بەڵام ڕاستیەکان. ئەم ڕۆحکومەت نوێنەریی ڕاستەقینەی کوردە وە پێویستە لەو ئاستەدا میللەت هەڵوێستی هەبێت. لە یەکێتی و پارتی باشتر نیە لە کوردستاندا وە ئەوان باشتر بەدەم کێشەکانی کوردەوەن پێویستە کورد هەڵوێست وەرگرێت. لە ڕاستیدا. ؟؟؟؟؟

کە کورد ئەم ڕۆ نۆێنەریی ڕاستەقینەی لە واقیعی وولاتەکیدایە نەك کەسانێکی ناپەسەندو خۆ فرۆش و بەکرێ گیراوو.. ؟؟؟!!!

karwandewan@yahoo. ocm
07701544092

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.